# دەغیلەکەی بارینو موکافەحەی ئیجرام

**ئیدریس عەلی**

ماوەیەکە شاری سلێمانی رووبەرووی شەپۆلێك لە دزیو ماڵ تالانکردن بۆتەوە، ئەم شەپۆلە هەفتەی پێشوو ماڵۆچکە دەروێشانەکەی منیشی گرتەوە.. دزەکان شەرمیان لەوەنەکرد کاتێك نیوەشەوێکی بێکارەبا خۆدەکەن بەماڵدا جامخانەیەکی لایلۆن دەکەنەوەو دەرگاکان دەشکێنن.. شەرمیان نەکرد لەوەی کە ئێرە ماڵی سەرمایەدارێكو بەرپرسێكو حزبییەكو مشەخۆرێكو ماستاوچییەكو راپۆرتنووسێكو جاسوسێك نیە.. بەڵکو ماڵێکە یەکەم شتێك کەتێیدا مایەی سەرنجو تەماعە بوونی کتێبخانەیەکی خنجیلانەیە کە زۆربەی کتێبەکانیم بەقەرزو قیست یاخود دیاری نووسەرەکانی بەدەست هێناوە.. شەرمیان نەکردو نەیان پرسی کەلەماڵێکدا وێنەی ( سوهرابو هێمن ) هەبێت ئیدی سەرەو ژێری بکەیت شتێکی بەبەهات دەست ناکەوێت بەری دڵی رەشی تەماع کاران بگرێت.

ئەوان بەوشەوە بێ ترسو سڵەمینەوەو بێ شەرمکردن هەرچی تاکی کەنتۆرو کەوانەترو شنوێنی جلوبەرگ هەبوو دەریان هێنا.. تەنها شتێکی بەکەڵك کە گیرفانو دڵی ئەوان تێربکات دەغیلە باغەکەی ( بارینی ) کچم بوو ، ئەو دەغیلەی کە چکەچکە پارەمان تێدا پاشەکەوت دەکرد بۆ ئەوەی کاتێك گەورە بێتو فام بکاتەوە بیدات بەو شتەی کەخۆی ئارەزووی پێیەتی،ئیدی دەستیان چویە دەغیلەی بارینی ساواو بردیان ، ناخۆشترین دوو دیمەن لەدزینی ماڵەکەم ئەمە بوو:

بینینی دەغیلەکەی بارین بە دڕاویو بەتاڵی.

دووەم مامەڵەی موکافەحەی ئیجرام لەتەك ئەم رووداوەدا.. کاتێ هانام بۆ موکافەحەی ئیجرام برد کەبێنو کەشفی ماڵەکەم بکەن، تێگەیشتم لەوەی کەمرۆڤ لەسایەی ئەمانەدا چەند بێ بەهاو بێ سەنگە.. مامەڵەی ئەوان لەگەڵ کەسێکی رۆح رووشاوو ماڵ تالانکراوو دڵ بریندارەدا مامەڵەیەك بوو زیاتر لەوەی کە لەگەڵ دزو تیرۆریستان دەکرێت نەك هاووڵاتی.

ئەوەی مەبەستمە لەم ستونەدا ئەوەیە بڵێم کە پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان راستەو خۆ لەئەستۆی هێزەکانی ناوخۆی وەك ئاسایشو پۆلیسو موکافەحەی ئیجرامە.. چونکە ئەوان مانگانە بەناوی بەرگریکردنو پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیانەوە بڕێکی زۆر موچە وەردەگرن، ئەگەریش ئەم پارێزگاریەیان وەك پێویست بۆ ناکرێت خۆدەبێت کاتێك هاووڵاتییەکی ماڵ تالان کراوو دڵ گەرمو رۆح بریندار هانایان بۆ دەبات هەرهیچ نەبێت بەشێوەیەك بەهانایەوە بچنو دڵنەوایی بدەنەوە کە لانی کەم بڕێك لەخەمەکانی کەم بکەنەوە!

بۆیە من گەیشتومەتە ئە قەوناعەتەی ئەگەر هاووڵاتییەکی وەکو من دز هاتە سەری هیچ نەلاێتو هیچ لایەنێکی بەرپرسی لێ ئاگادار نەکات.. تەنها لەدڵی خۆیدا بڵێت : نۆشی گیانتان بێت ئەی دزە بەرێزەکانی نیشتمان..! یاخود بڵێت: سوپاس بۆ ئێوەش ئەی پۆلیسە چاوکاڵەکان.. میللەت لەساغیەی ئێوە شەوان بێخەم سەردەنێنەوە چونکە دڵنیان ئێوە چ پاسەوانێكو خەمخۆرێکی وڵاتەکەتانن..!

---

تێبینی: هەرپاش ئەوەی کەزانیم ماڵەکەم دز هاتۆتە سەری راستەو خۆ پەیوەندیم کرد بە موکافەحەی ئیجرامەوە، بەلام جگە لەدەسی دەسی چ وەڵامێکی ئەوتۆیان نەدامەوە.. بۆیە بڕیارمدا بەم ستوونە شعوری خۆم دەرببڕم.